دەستەکان

نووسینی : دێچۆل ئازاد
وەرگێڕانی: شێروان خدر

دەستەکانم هاتنە ژوورەوە،
بەدوای سێبەرە ماندووەکەم دەگەڕان.
دەستەکانم گەوهەرەکانی لە خۆی رووت
کردەوەو،
لە تاریکیدا،
ناز و عیشوەی پێنووسەکەمیان کوشت،
بە نەخۆشی زەهراوی کردن و،
درەوشانەوەی نەما.

پەیتوونی مێژووی دەستەکانم،
بەسەر مەملەکەتی بۆشاییمدا دەسوڕانەوە،
کەسایەتیان تۆقاندم...
رۆح گەورەیی دەستەکانم:
ئاشتی و،
تووڕەیی باو،
جوانییە موگناتیسەکەم و،
سێبەرەکەی خۆمیان،
تیرۆر کرد.

برینە هەڵچووەکەم
لێوی گۆشەکانی دیواریان دەدووریەوە،
(با)ش لە ژوورەکەمدا دیل ببوو،
لە غەمبارییدا رادەچڵەکی...
شەرمییەک لە ژوورەکەمدا پەرش ببوو،
تا هەستی بینینی،
کێشانی جگەرە لە دەستەکانم.

ئاسمانەکان بۆ دواجار تیچاوێکیان دایە،
عەتری گوناهەکانی من و دەستەکانم.
لەولاشەوە رۆحی راکردووم
بینەری ئەو ئاژاوەیە بوو،
فرمێسکی پەشۆکاویش،
ژوورەکەی داگرت
لە گولە بارانکردنی نەرم و نیانی ئەقڵ.

دەستی قەدەرەکانی نووسینم
لە ناو لافاوی مەرەکەبدا
دەستیان لە ملی پێنووسەکەم نا
وشە بێزارکەرەکان دەخنکێن
بۆ ساتێک خەیاڵم ئازار دەدا
لەولاشەوە ئامادەگی لێدانی دڵم
بە بێهوودەیی
لە ناو دەستە جینۆسایدەکانم ون بوو.

– لە دەرەوەش دەستەکانی دی،
دەمخنکێنێنێنێنێنێنێنن!

مێلبۆرن – ئوسترالیا
07–06–09